# ئایا یەكسانی لە ستەمدا دادگەریە؟

[ كردي – كوردی – kurdish ]


## موحەمەد صالح المنجد

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)

وەرگێڕانی: پشتیوان سابیر عەزیز

پێداچونەوەی: حاجی ئومێد چروستانی



2012 - 1433

IslamHouse.com

# هل المساواة في الظلم عدل؟

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: بشتيوان صابر عزيز

مراجعة: أوميد عمر علي


2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئایا یەکسانی لە ستەمدا دادگەریە؟

**پرسیار:** ووتەیەکی بڵاو هەیە دەڵێت: یەکسانی لە ستەمدا دادگەریە، وە هەندێکیان ئەم وتەیە دەخەنە پاڵ پێغەمبەری خواوە (صلی اللە علیە وسلم) ، وە هەندێکیان مامەڵەی لەگەڵدا دەکات وەکو بنچینەیەکی نەگۆڕ، ئایا ئەم ووتەیە ڕاستە و حوکمی ئایین چیە دەربارەی؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوا

ئەم ووتەیە کەدەڵێت : " یەکسانی لە ستەمدا دادگەریە " ووتەیەکی بەتاڵ و ناڕاستە و دوورە لە شەرعی خوای گەورەوە، وە حاشا پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) هەرگیز ئەم ووتەیەی نەفەرمووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) فەرموودەیەکی قودسی لە خوای پەروەردگارەوە دەگێڕێتەوە کە تەواو پێچەوانەی ئەم ووتەیەیە کە فەرموویەتی: « يَا عِبَادِي إِنِّي حَرَّمْتُ الظُّلْمَ عَلَى نَفْسِي، وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمًا، فَلَا تَظَالَمُوا » [رواه مسلم (٢٥٧٧)] .

واتە: ئەی بەندەکانم! من ستەمم لەسەرخۆم حەرام کردووە و، لە نێوان ئێوەشدا حەرامم کردووە، ستەم لەیەکتر مەکەن.

وە دەقەکانی شەرع لەم بارەوە زۆرن کە ئاگادارمان دەکاتەوە لە ستەم کردن و خراپی پاشەڕۆژی ئەو کەسانەی ستەم وزوڵم لەخەڵکی دەکەن .

وە ئەم ووشە بەتاڵ پڕوپووچە زیاتر ووشەی دەسەلاتدارەکانە، دەیانەویت لەژێر سێبەری ئەم ووشەیەدا درێژە بەزوڵم وستەمی خۆیان بدەن، کە پێی دەڵێن: ئەگەر ستەمت کرد لە یەکێك لە شوێنکەوتوانت، وەکو بردنی پارەکەی، یان ئەشکەنجەت دا، یان بەندت کرد...، ئەوە با ستەمەکەت تەنها بۆ ئەو کەسە نەبێت، بەڵکو با ستەمەکەت گشتی بێت و هەموو تاکێك بگرێتەوە، بۆ ئەوەی دادپەروەر بیت لە دابەش کردنی ستەمدا بە سەریاندا!!

پاشە چ دادگەرێیك هەیە لەمەدا، خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِى الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾[ النحل/٩٠]

واتە: بەڕاستی خوا فەرمان دەدات بە دادگەری و بە چاکە و بە بەخشین بەخزم و خوێش، وە (خوا) ڕێگری دەکات لە داوێن پیسی و خراپە و دەست درێژی، ئامۆژگاریتان دەکات بۆ ئەوەی پەند وەرگرن و بیربکەنەوە. (پوختەی تەفسیری قورئان).

یەکسانی لە ستەمدا، وەکو چەند تاریکییەك وایە ، هەندێکی لە سەرووی هەندێکیەوەیە.!

وە لە جیاتی ئەوەی بە یەك ستەم بگەڕێتەوە لای خوای گەورە، ئەبەوێت بە ستەم کردنی لە هەموو ئەو کەسانەی کە ستەمی لێ کردوون بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گەورە .

ئایە ئەمە وەکو کردوەی هاوبەش پەیداکەرەکان نیە، کاتێك بیانەوێت ستەم وگەندەڵی ئەنجامدەن، دەڵێن ئەمە لە لایەن خوا وفەرمان وشەرعەکەیەوەیە،خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿ وَإِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً قَالُوا وَجَدْنَا عَلَيْهَا آبَاءَنَا وَاللَّهُ أَمَرَنَا بِهَا قُلْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِالْفَحْشَاءِ أَتَقُولُونَ عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ * قُلْ أَمَرَ رَبِّي بِالْقِسْطِ وَأَقِيمُوا وُجُوهَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ كَمَا بَدَأَكُمْ تَعُودُونَ * فَرِيقًا هَدَى وَفَرِيقًا حَقَّ عَلَيْهِمُ الضَّلَالَةُ إِنَّهُمُ اتَّخَذُوا الشَّيَاطِينَ أَوْلِيَاءَ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ ﴾ [الأعراف/٢٨-٣٠]

واتە: وە کاتێ کردەوەیەکی زۆر بەد و ناشرینیان دەکرد (کە بەڕووتی تەواف کردن نموونەیەکیەتی) دەیان وت : لە باوو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە وە خوا فەرمانی ئەو (کردەوە) ی پێ داووین، ئەی موحەممەد(صلی اللە علیه وسلم) بڵێ بێگومان خوا فەرمان نادات بە کردەوەی بەدو خراپ، ئایا بەدەم خواوە شتێ دەڵێن کە نایزانن و بێ ئاگان لێ ی ؟ * بڵێ پەروەردگارم

فەرمانی بە دادپەروەری داوە، وە لە کاتی هەموو نوێژێکدا ڕاست ڕوو بکەنە خوا و دڵسۆزانە هاواری لێ بکەن و بیپەرستن هەرچۆنێ لە یەکەم جارەوە (خوا) دروستی کردون بەو شێوەیە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا * دەستەیەکی ڕێنموونی کردووە دەستەیەکیش گومڕایی بەسەریاندا چەسپا، بەڕاستی ئەوانە شەیتانەکانیان کرد بە دۆست و پشتیوانی خۆیان لە جیاتی خوا وە وا گومان دەبەن کە ڕێنموونیی کراوون.( پوختەی تەفسیری قورئان)

وە دادگەریش ئەوەیە کە مافی هەمو خاوەن مافێك بدرێت، وە دانانی هەموو شتێك لە شوێنی خۆیدا، ئەمە لە کوێی ستەمداو یەکسانی تێیدا شوێنی دەبێتە.

خوای گەورە لەهەموان زاناترە .